مەندەلاوی و فەیاز جەخت لەسەر تەواوکردنی ڕێکارە دەستوورییەکان و پێکهێنانی حکومەت دەکەنەوە

محسن مەندەلاوی، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان و فالح فەیاز، سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەمڕۆ شەممە، جەختیان لەسەر تەواوکردنی ڕێکارە دەستوورییەکان و پێکهێنانی حکومەت کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان، لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە: "محسن مەندەلاوی، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان، ئەوارەی ئەمڕۆ شەممە، لەگەڵ فالح فەیاز، سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، کۆبوونەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی زنجیرەیەک کۆبوونەوەی سیاسی بە ئامانجی ڕێکخستنی ڕێوشێوەکانی قۆناغی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی".

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بۆدا، "هەردوو لا پێرەزایی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنیان لە یەکتری گەیەنەوە"، جەختیان لێوە کردەوە، "ئێنجامە ئەستایەکان بەرپرسیارێتییەکی هاوبەش دەخاتە سەر هەزە نیشتمانییەکان بە بەردەوامبوون لەسەر سازدانی خولی شەشەمی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی نوێ، بە شێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت لە دەستپێکردنی ڕێوڕەوی سیاسی داهاتوو".

مەندەلاوی، بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، جەختی لە "گرنگی چەسپاندنی ژینگەی تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان هەزە سیاسییەکان و پێویستکردنی دیالۆگی بەرپرسیارانە وەک بنەمایەک بە چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکان و پێکهێنانی دیدگایەکی سیاسی گشتگیر کە سەقامگیری ناوخۆیی بەهێز بکات و پشتگیری لە ڕێوڕەوکانی

گەشەپەدان بکات" کردەوە، ئاماژەی بەوەشدا، "خەراکردن لە تەواوکردنی ەەکارە دەستووریەکانی داهاتوو هەنگاوەکی یەکلاکەرەوەیە لە دەنیا بوونەوەی خەک و پاراستنی سەقامگیری و وەرگەانی ئیرادەی دەنگدەران.